باڵیۆزی ئێران لەعێراق: سەرکردەکانی نەسر گیانیان بەخشی بۆ پشتگیریکردنی سەرکەوتن



محەممەد کازم سادق" باڵیۆزی ئێران لە عێراق رایگەیاند:- کە عێراق لەژێر حکوومەتی خزمەتگوزاری ، بە سەرکایەتی "محەمەد شیاع سودانی" سەرکەوتووە،سەقامگیری ئەمنی و سیاسی و ئابووریی بەخێوە بینیوە. ووتیشی :- قوربانیدانی قارەمانان لە بەرامبەر تیرۆر ئەم سەقامگیرییەی هێناوەتەوە ئاراوە. "سادق" لە وتارێکیدا لە میانی چوارەمین ساڵیادی شەهیدبوونی سەرکردەکانی "نەسر" وتی: ساڵانێک دوای ئەو ڕووداوە، براکان کەدەبنەوە ئەم مەکینە بە یادکردنەوەی سەرکردەکانی نەسر ئەبوەهدی موهەندیس و قاسم سولەیمانی یە ،کە گیانیان بەخشی بۆ پشتگیریکردنی سەرکەوتن. ئاماژەی بەوەشکرد:- لە ماوەی کەمتر لە 10 ساڵدا باندە تیرۆریستییەکانی داعش تاوانێکیان ئەنجامداوە کە مرۆڤایەتی شەرمەزار دەکات بەرامبەر بە ژنان و منداڵانی بێتاوان. جەختیشی کردەوە:- کە لە سایەی قوربانیدانی قارەمانان، فەتوای مەرجعیەتی باڵا، و دامەزراندنی هێزەکانی حەشد تیرۆری هەڵگراندەوە، ئەو قارەمانانە قوربانیان دا و توانیان سەرکردایەتی داعشی تیرۆریستی داعش تێکبشکێنن، ئەوە شەهید ئەبوەهدی موهەندیس و قاسم سولەیمانی بوون. سادق لە درێژەی قسەکانیدا ووتی :- کەماری ئیسلامی عێراق پاپشتی گەورەی بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پشکەش کرد، بە تایبەتی سەرکردایەتی ژیر" قاسم سولەیمانی" . جەختیشی کردەوە:- کە عێراق ئەمڕۆ لە سایەی ئەو قوربانیدانانەدا،بە سەقامگیری ئەمنی

و سیاسی و ئابووریی لە ژێر دەستاتی حکومەتی خزمەتگوزاریدا تێپەردەبێت.